# تاوان و پێشێلکارییه‌کانی مافی مرۆڤ له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان, له‌ مانگی به‌فرانباردا

ئا: کارۆ و شیراز

له‌ سه‌ره‌تای مانگی به‌فرانباره‌وه‌ هه‌تا کۆتایی ئه‌م مانگه‌، نزیکه‌ی ١٩ هاووڵاتی، به‌ تاوانی چالاکی سیاسی له‌لایه‌ن هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئێرانه‌وه‌ ده‌ستبه‌سه‌ر کراون، ٣ که‌س له‌وانه‌، له‌ ژێر ئه‌شکه‌نجه‌ی هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامیدا گیانیان له‌ ده‌ست داوه‌.

١به‌فرانبار، هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی، هێرشیان کرده‌ سه‌رماڵی دوو که‌س به‌ ناوه‌کانی ئیسماعیل ره‌حیمی و باسام سوهرابی، خه‌ڵکی گوندی دزڵی سه‌ر به‌ شاری سه‌وڵاوا و ده‌ستبه‌سه‌ریان کردن. له‌و باره‌یه‌وه‌ هیچ زانیارییه‌ک له‌ هۆکاری ده‌ستبه‌سه‌رکرانیان له‌به‌ر ده‌ستدانییه‌.

له‌ ٦ به‌فرانباردا، زاهیدرۆسته‌م پوور، خه‌ڵکی قه‌ره‌مووسالی سه‌ر به‌ شاری بۆکان، به‌ تۆمه‌تی هاوکاری له‌گه‌ڵ یه‌کێک له‌ هێزه‌کوردییه‌کان، له‌ لایه‌ن ئیداره‌ی ئیتلاعاتی شاری بۆکانه‌وه‌ ده‌ستبه‌سه‌ر کرا، سه‌ره‌ڕای حه‌ولی بنه‌ماڵه‌که‌ی به‌ڵام تا ئێستا ناوبراو بێ سه‌روشوێنه‌. سیاوه‌ش ئه‌حمه‌دی خه‌ڵکی بانه‌ به‌ هۆی نادیار، له‌ ٧ به‌فرانباردا له‌ لایه‌ن ئیداره‌ی ئیتلاعاتی بانه‌وه‌ قۆڵبه‌ست و ره‌وانه‌ی زیندانی ناوه‌ندی شاری سه‌قز کرا.

هه‌ر له‌ بانه‌ ئه‌سعه‌د محه‌ممه‌دی، به‌هۆی تێکهه‌ڵچوون له‌گه‌ڵ هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی قۆڵبه‌ست کرابوو، پاش دوو مانگ مانه‌وه‌ له‌ زیندانی ئیداره‌ی ئیتلاعات، به‌ هۆی ئه‌شکه‌نجه‌ گورچیله‌کانی له‌ ده‌سداوه‌ و پاشان له‌ رێکه‌وتی٨ به‌فرانبار گیانی له‌ده‌ستدا، ناوبراو خێزانداره‌ و باوکی دوو منداڵه‌. هه‌روه‌ها١٠ به‌فرانبار، دادگای شۆڕشی شاری خۆی، موسا حوسێن زاده‌ی به‌ تۆمه‌تی هاوکاری له‌گه‌ڵ یه‌کێک له‌ حیزبه‌ کوردییه‌کان، به‌ ساڵێک زیندانی مه‌حکووم کرد. خه‌لیل فاتحی مامۆستای کوردی خه‌ڵکی کامیاران له‌ پاش ٣ سال زیندانی به‌ هۆی سیاسییه‌وه‌، له‌ ١١ به‌فرانبار پاش گه‌رانه‌وه‌ی بۆ سه‌ر کاره‌که‌ی به‌ بیانووی غه‌یبه‌تی بێ پاساو له‌ سه‌ر کار ده‌رکرا. هه‌ر له‌١١ی به‌فرانباردا، لاوێکی کورد له‌ شاری مه‌ریوان، به‌ناوی ئیبراهیم نیکپه‌ی، له‌ لایه‌ن ئیداره‌ی ئیتلاعاتی شاری مه‌ریوانه‌وه‌ ده‌ستبه‌سه‌ر و ره‌وانه‌ی ژووری تاکه‌که‌سی کراوه‌، هیچ زانیارییه‌ک له‌ بارودۆخ و هۆی گیرانی ناوبراو له‌ به‌رده‌ستدا نییه‌. ١١ به‌فرانبار، هاووڵاتییه‌کی ده‌ستبه‌سه‌رکراو به‌ناوی عه‌لی چاک، ته‌مه‌ن ٢٦ ساڵ، خه‌ڵکی سه‌رده‌شت، به‌هۆی نه‌خۆشی سه‌ردانی بێهداری زیندانی گشتیی شاری مه‌هاباد ده‌کا، ناوبراو له‌ ئاکامی لێدانی ده‌رزییه‌ک، هه‌ر دوو لاقی له‌ کار ده‌که‌ون، به‌ڵام لێپرسراوانی زیندانی شاری مه‌هاباد ره‌وانه‌ی ناو زیندانیان کردووه‌ته‌وه‌ و دوای چه‌ند کاتژمێرێک به‌ هۆی ده‌ربڕینی ناڕه‌زایه‌تی زیندانیه‌کان، ره‌وانه‌ی نه‌خوشخانه‌ی شاری ورمێی ده‌که‌ن. عه‌لی چاک، به‌ تاوانی هاوکاریی له‌گه‌ڵ یه‌کێک له‌ حیزبه‌ کوردییه‌کان قۆلبه‌ست کراوه‌ و به‌٧ ساڵ زیندانی حوکم دراوه‌.

له‌ ٨ به‌فرانبار هه‌تا ١١ به‌فرانبار، ١٨ که‌س له‌ شاری مهاباد، له‌ لایه‌ن هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئیران قۆڵبه‌ست کراون، ناوی ئه‌و که‌سانه‌ بریتین له‌: هێوا بیرمی، محه‌مه‌د ئه‌مینی قادرزاده‌، زانیار قادرزاده‌، هێوا عه‌زیزی، کاوه‌ ساله‌کی، عوسمان قادرنژاد، سمکۆ عوسمانی، ناسر ته‌ریق، لۆقمان ساله‌کی، محه‌مه‌د مه‌عرووفزاده‌، عه‌لی به‌رنا، عوسمان مه‌ولانژاد، چیا مه‌ولانژاد، عه‌لی مه‌ولانژاد، ئیسماعیل حه‌مزه‌پوور، مرادحه‌سه‌ن زاده‌، ناسر به‌هجه‌تی، سه‌لیم چراغ مه‌نان، شایانی باسه‌ هۆکاری قۆلبه‌ست کردنی ئه‌م هاووڵاتییانه‌ هه‌تا بڵاوبوونه‌وه‌ی ئه‌م راپۆرته‌ نادیاره‌.١١ به‌فرانبار، هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئیران به‌ مه‌به‌ستی پشکنین ده‌چنه‌ ماڵی هاووڵاتییه‌کی کورد به‌ ناوی مسته‌فا شوکری، خه‌ڵکی سه‌رپێڵی زه‌هاو، له‌ حاڵی پشکنینه‌که‌دا یه‌کێک له‌ مه‌ئموره‌کان هێرش ده‌کاته‌ سه‌ر ناوبراو و ده‌یکووژێ. به‌ڵام هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئیران له‌ دوای کوشتنی ئه‌و هاووڵاتییه‌ به‌مه‌به‌ستی شاردنه‌وه‌ی ئاسه‌واری قه‌تڵه‌که‌ ته‌رمی مسته‌فا شوکری له‌ سه‌ربانی ماڵه‌که‌یه‌وه‌ فرێده‌ده‌نه‌ ناو حه‌وشه‌وه‌.

١٢به‌فرانبار، جه‌هانبه‌خش وه‌کیلی، خه‌ڵکی سنه‌، له‌ لایه‌ن ئیداره‌ی ئیتلاعاتی ئه‌م شاره‌وه‌ ده‌ستبه‌سه‌رکرا. ناوبراو برای فه‌رهاد وه‌کیلی له‌ ئێعدام کراوه‌کانی ١٩ی بانه‌مه‌ڕی ساڵی ١٣٨٨ی شاری تارانه‌. تا ئێستا هۆکاری ده‌ستبه‌سه‌رکرانی ناوبڕاو دیارنییه‌. هه‌روه‌ها ١٣ به‌فرانبار، هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی، له‌ شاری ورمێ هێرشیان کرده‌ سه‌ر کۆبوونه‌وه‌ی هاووڵاتییانی کورد، که‌ به‌ نیشانه‌ی ناڕه‌زایه‌تیی به‌کوشتنی هاووڵاتیانی مه‌ده‌نیی کورد له‌ باکووری کوردستان له‌ لایه‌ن فرۆکه‌ جه‌نگییه‌کانی ئه‌رتشی تورکیه‌وه‌، وه‌ڕێیان خستبوو، له‌ ئاکامدا له‌ ناو خۆپیشاندانه‌کان ٦٠ که‌س قۆڵبه‌ست کران. ١٤ به‌فرانبار، دادگای ئینقلابی شاری مه‌هاباد پێنج هاووڵاتیی شاری بۆکانی، که‌ ١٠ مانگ له‌مه‌وبه‌ر له‌ لایه‌ن ئیداره‌ی ئیتلاعاتی شاری بۆکانه‌وه‌ به‌ تاوانی هاوکاری له‌گه‌ڵ یه‌کێک له‌ حیزبه‌ کوردییه‌کان، ده‌ستبه‌سه‌ر کرابوون، حوکم دران، ناوی ئه‌م که‌سانه‌، جه‌لال و جه‌مال ناسری هه‌ر کامیان ٥ ساڵ زیندان، قاسم ره‌حیمی ئازه‌ر ٨ ساڵ زیندان، ئیدریس ئاک و ئیدریس کوڕی محه‌ممه‌د هه‌ر کامیان به‌ ١ ساڵ حه‌بسی ته‌عزیری مه‌حکووم کران. سێ هاووڵاتی شاری کرماشان به‌ ناوه‌کانی ساسان به‌سامی ته‌مه‌ن ٣٦ ساڵه‌، علیڕه‌زا ئه‌حمه‌دی ته‌مه‌ن ٤٨ ساڵ، سادق ئه‌سکه‌نده‌ری ته‌مه‌ن ٣٣ ساڵ، که‌ به‌ تاوانی دزی چه‌کدارانه‌ له‌ بانکی «سپه‌»ی کرماشان ده‌ستبه‌سه‌ر کرابوون، له‌ لایه‌ن ده‌زگای قه‌زاییه‌وه‌ حوکمی سێداره‌یان بۆ برایه‌وه‌ و له‌ رێکه‌وتی ١٥ به‌فرانبار له‌ گۆڕه‌پانی ئازادیی شاری کرماشان له‌ سێداره‌ دران.

١٤به‌فرانبار، دادگای شۆڕشی ئیسلامی شاری خۆیه‌، مووسا حوسێن زاده‌، خه‌ڵکی گوندی ئه‌رماڵۆ سه‌ر به‌ شاری خۆیه‌ی، به‌ تاوانی هاوکاری له‌گه‌ڵ یه‌کێک له‌ هێزه‌ کوردییه‌کان به‌ ساڵێک زیندان حوکمدا، به‌ڵام ناوبراو دوای ٢ رۆژ له‌ دادگایی کردنه‌که‌ی، به‌هۆی نه‌خۆشی دڵه‌وه‌ له‌ ناو زیندانی شاری خۆیه‌ گیانی سپارد.١٧ به‌فرانبار، مه‌ئموورانی پاسگای ئینتزامیی سه‌ربه‌ شاری سه‌رده‌شت هێرشیان کرده‌ سه‌ر کاروانی ئه‌سبه‌کانی بارهه‌ڵگری کاسبکارانی گوندی به‌رده‌پان و له‌ئاکامی ئه‌م هێرشه‌دا بیست ئه‌پسی کاسپکاران کووژران. ١٩ به‌فرانبار، هێزه‌کانی ئیداره‌ی ئیتلاعاتی شاری سنه‌، شه‌ریف ساعیدپه‌نا چالاکی کرێکاری ئه‌م شاره‌ی ده‌ستبه‌سه‌ر کرد، هاوکاتیش ده‌ست به‌سه‌ر ژماره‌یه‌ک کتێبی ناوبراودا گیرا و پاشان بۆ زیندانی ناوندی شاری سنه‌یان گواسته‌وه‌. هه‌روه‌ها موزه‌فه‌ر ساڵح نیا یه‌کێکی دیکه‌ له‌ ئه‌ندامانی یه‌کیه‌تی ئازادیی کرێکاران شاری سنه‌ له‌ لایه‌ن هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئێرانه‌وه‌ قۆلبه‌ست کراوه‌، تا ئێستا چاره‌نووسی نادیاره‌. ١٩ی به‌فرانبار، دوو هاووڵاتی گوندی خوڕخوره‌ی سه‌ر به‌ شاری مه‌هاباد، به‌ ناوه‌کانی محه‌ممه‌د و ئه‌نوه‌ر عیزه‌تدووست له‌ لایه‌ن هێزه‌ ئه‌منییه‌کانه‌وه‌ قۆڵبه‌ست کراون، هۆکار و شوێنی ڕاگیرانیان تا ئێستا ڕانه‌گه‌یه‌ندراوه‌. ٢٢ به‌فرانبار، دادگای شۆڕشی ئیسلامی مهاباد، سێ هاووڵاتی مهابادی مه‌حکووم به‌ به‌ندکران کرد، شۆڕش شوکری ئه‌فشار، مه‌نسوور ده‌ریانووش و وه‌لی ئه‌فشاری، که‌ به‌ تاوانی هاوکاریی له‌گه‌ڵ یه‌کێک له‌ حیزبه‌ کوردییه‌کان یه‌ک ساڵ له‌مه‌وبه‌ر له‌لایه‌ن ئیداره‌ی ئیتلاعاتی بۆکانه‌وه‌ ده‌ستبه‌سه‌ر کرابوون، هه‌رکام به‌ پێنج ساڵ زیندانی مه‌حکووم کران. هه‌روه‌ها له‌ رێکه‌وتی ٢٣ به‌فرانبار، ژیار سه‌لامه‌تیان و دانا له‌نجئابادیی، دووقوتابی زانکۆی مه‌ریوان، له‌ لایه‌ن هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئێرانه‌وه‌ ده‌ستبه‌سه‌رکران، له‌م باره‌یه‌وه‌ هیچ زانیارییه‌ک له‌ هۆکاری ده‌ستبسه‌ر کرانی ئه‌م دوو قوتابییه‌ له‌ به‌ر ده‌ست دانییه‌، هه‌وه‌ها له‌ ٢٥ به‌فرانبار، خالیدی ئه‌یوازه‌ و دانا رۆسته‌می دوو قوتابی زانکۆی پیامی نووری شاری مه‌ریوان له‌ لایه‌ن ئیداره‌ی ئیتلاعاتی شاری مه‌ریوانه‌وه‌ بانگێشتی ئیداره‌ی ئیتلاعاتی ئه‌م شاره‌ کران وه‌تا ئێستا چاره‌نووسیان نادیاره‌. عه‌لی و حه‌بیب ئه‌فشاری، خه‌ڵکی مه‌هاباد، که‌ ١١ مانگ له‌مه‌وبه‌ر، له‌لایه‌ن هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئێران، به‌ تاوانی هاوکاری و ئه‌ندام بوون له‌ یه‌کێک له‌ حیزبه‌ کوردییه‌کان ده‌ستبه‌سه‌ر کرابوون، ئه‌مرۆ یه‌ک شه‌ممه‌ ٢٥ به‌فرانبار٢٧١١، له‌لایه‌ن دادگای ئه‌نقلابی شاری مه‌هاباده‌وه‌ حوکمی سێداره‌یان بۆ برایه‌وه‌.

له‌ ٢٧ به‌فرانبار، شه‌یس ئه‌مانی چالاکی کرێکاری و ئه‌ندامی لێژنه‌ی به‌ڕێوه‌به‌ریی»یه‌کیه‌تی ئازادی کرێکاران له‌ شاری سنه‌، دوای ئه‌وه‌ی که‌ بۆ ئاگادار بوونی بارۆدوخی دوو ده‌ستبه‌سه‌رکراوی تر، به‌ ناوه‌کانی شه‌ریف ساعیدپه‌نا و موزه‌فه‌ر ساڵح نیا ، سه‌ردانی دادگای شاری سنه‌ی کردووه‌، له‌لایه‌ن دادگای شاری سنه‌وه‌ ده‌ستبه‌سه‌ر کراوه‌ و تا ئیستا هیچ زانیارییه‌ک له‌ بارودۆخی ناوبراو له‌به‌رده‌ستدا نییه‌. له‌ ئاکامی ده‌سرێژی هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئیران له‌ ناوچه‌ی سه‌رده‌شت بۆ سه‌ر کاسپکاران، هاووڵاتییه‌ک بریندار بوو.٢٧ به‌فرانبار، ئیبراهیم، خه‌ڵکی ناوچه‌ی بێتووش سه‌ر به‌ شاری سه‌رده‌شت، له‌ شوێنێک به‌ ناوی قایرمه‌یس، له‌ پشت ناوچه‌ی ئالان، به‌ هۆی ته‌قه‌ی هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئێرانه‌وه‌ به‌ توندی بریندار بوو.

درێژه‌ی لاپه‌ڕه‌ی ٦

# ئاوڕدانه‌وه‌یه‌ک له‌ مێژووی...

تاران له‌سه‌دا ٣٧ و له‌ کوردستان له‌به‌راورد له‌گه‌ڵ ده‌وره‌ی پێشتر له‌ ٧٠٪ بۆ ٣٢٪ که‌م بوویه‌وه‌ و له‌ ئازاه‌ربایجانی رۆژئاوا له‌ ٧١٪ بۆ ٤٢٪ ، له‌ پارێزگای مه‌رکه‌زی له‌ ٦٨٪ بۆ ٤٢٪، له‌ ئیسفه‌هان ٤٠٪ به‌شدار بوون و ئازه‌ربایجانی رۆژئاوا له‌ ٦٧٪ بۆ ٤٥، له‌ گیلان له‌ ٧٧٪ بۆ ٥٠ و له‌ کرماشان له‌ ٧١٪ بۆ ٥٠ ٪ که‌م بووه‌وه‌.

هه‌ڵبژاردنه‌کانی خولی حه‌وته‌م به‌ ده‌سپێکی گۆڕانکارییه‌کان له‌ پێکهاته‌ی سیاسی ده‌سه‌ڵاتدا هاته‌ کایه‌وه‌، بۆ نموونه‌ چه‌ند نوێنه‌رێک وه‌ک عیماد ئه‌فرووغ دوایی بوونه‌ یه‌کێک له‌و که‌سانه‌ی ره‌خنه‌ی توندیان له‌ ده‌سه‌ڵاتی ئه‌حمه‌دی نژاد ده‌گرت.

مه‌جلیسی هه‌شته‌م

له‌ رۆژی ٢٤ی ئیسفه‌ندی ١٣٨٦ له‌ که‌ یه‌که‌م ساڵی سه‌ر کۆماریی مه‌حموود ئه‌حمه‌دی نژاددا به‌رێوه‌ چوو. ره‌تکردنه‌وه‌کانی ئه‌و کاته‌ی شۆرای نیگابانیش هه‌ر به‌رده‌وام بوو، به‌تایبه‌ت ره‌تکردنه‌وه‌ی چاکسازیی خوازه‌کان زۆر به‌رچاو و هه‌ستپێکراو بووه‌. له‌و نێوانه‌دا که‌سانێک وه‌ک محه‌ممه‌د ره‌زا تابش توانی برِواته‌ مه‌جلیس و توانیان فراکسیۆنی که‌مینه‌ دروست بکه‌ن که‌ ده‌نگێکی وایان له‌ مه‌جلیسدا نه‌بوو.

مه‌جلیسی هه‌شته‌م زیاتر بووه‌ گۆڕه‌پانی ململانێی هێزه‌کانی ولایه‌تی فه‌قیهه‌ و موحافزه‌کاره‌کان. به‌پێی ئاماری فه‌رمی حکومه‌ت له‌و ٤٣ ملیۆن و ٨٣٤ هه‌زار که‌سه‌ی مافی ده‌نگدانیان هه‌بوو ٢٢ ملیۆن و ٣٥٠ هه‌زار که‌س به‌شدارییان کردبوو، واته‌ له‌سه‌دا ٥١ی ئه‌و رێژه‌یه‌.

تاران به‌٣٠٪ که‌مترین رێژه‌ی به‌شداربووانی بۆ خۆی تۆمار کرد، هه‌روه‌ها کوردستان و ئیسفه‌هان و یه‌زد و قوم، که‌مترین ئاستی به‌شدار بووانیان هه‌بوو له‌ نێو پارێزگاکانی ئێراندا. ئه‌و مه‌جلیسه‌ش ململانێی نێوان باڵه‌کانی رێژیم بوو هه‌روه‌ک مه‌جلیسی حه‌وته‌م. به‌ڵام هاوکات له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش بوونی که‌سایه‌تی وه‌ک عه‌لی لاریجانی که‌ سه‌رۆکی مه‌جلیس بوو و هه‌روه‌ها رخنه‌ گرتنه‌کانی عه‌لی موته‌هه‌ری به‌ دژی ده‌وڵه‌تی ئه‌حمه‌دی نژاد، له‌به‌رچاوترین رووداوه‌کانی مه‌جلیسی هه‌شته‌م بوون. هه‌ڵبژاردنی خولی هه‌شته‌م درێژه‌ی حه‌وله‌کانی ده‌وڵه‌ت بوو بۆ یه‌کده‌ستکردنی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی له‌ چێوه‌ی هه‌ڵبژاردنێک به‌ یارمه‌تی شۆرای نیگابان بۆ پێشگیری کردنی به‌شداریی زۆرینه‌ی لایه‌نگرانی چاکسازی له‌ وڵات. هه‌روه‌ها له‌ مه‌جلیسی هه‌شته‌م درزیک که‌ بووه‌ هۆی دروستبوونی پێکهاته‌یه‌کی نوێ له‌ سیمای سیاسی له‌ ئێران، لایه‌نگرانی ئه‌حمه‌دی نژاد و موحافزه‌کاران له‌ مه‌جلیسدا بوو.

مه‌جلیسی نۆیه‌م

له‌سه‌ر بڕیاری وه‌زاره‌تی ناوخۆی ئێران ١٢ی ئیسفه‌ندی ١٣٩٠ی هه‌تاوی به‌ڕێوه‌ ده‌چێ، به‌ شێوه‌ی دیار و تایبه‌تی، هه‌ڵبژاردنی خولی نۆهه‌می مه‌جلیسی شۆرای ئیسلامی بۆ تاقمی بڕیاربه‌ده‌ستی کۆماری ئیسلامی له‌ ئاستی ناوخۆیی و ده‌ره‌کییدا، کۆمه‌ڵێک ئامانجی دیاریی کراوی هه‌یه‌. ئه‌وان له‌ به‌ستێنی ناوخۆییدا به‌ له‌به‌رچاوگرتنی رووداوه‌کانی دووساڵ و نیو له‌مه‌وبه‌ری پاش به‌ڕێوه‌بردنی هه‌ڵبژاردنی خولی ده‌یه‌می سه‌رۆک کۆماریی و ئاکامه‌ ناله‌باره‌کانی بۆیان له‌ لایه‌ک و سه‌رهه‌ڵدان و ته‌شه‌نه‌کردنی ناکۆکی و ململانێ تازه‌کانی ناو بازنه‌ی ده‌سه‌ڵات و حه‌ولدان بۆ یه‌کلایی کردنه‌وه‌یان له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌، پێویستیان به‌ راکێشانی زۆرترین ژماره‌ی ده‌نگده‌ران بۆ سه‌ر سنووقه‌کانی ده‌نگدانه‌. تا له‌م رێگایه‌وه‌، بوونی هێز و پێگه‌ی جه‌ماوه‌ریی و شه‌رعیه‌تی سیاسی خۆیان بسه‌لمێنن و پاش ده‌سکاری کردنی ئاره‌زوومه‌ندانه‌ی ده‌نگه‌کان، به‌ پشت به‌ستن به‌و هێزه‌، که‌شوهه‌وای سه‌رکوت و زه‌بروزه‌نگی قانوونیی توندتر بکه‌ن و ناکۆکییه‌ ناوخۆییه‌کانیش به‌ قازانجی خۆیان و ده‌رپه‌ڕاندنی رکه‌به‌ران له‌ ده‌سه‌ڵات یه‌کلایی بکه‌نه‌وه‌.

له‌ ئاستی ده‌ره‌کییدا به‌ راکێشانی خه‌ڵک بۆ سه‌ر سنووقه‌کانی ده‌نگدان، خه‌ڵکیی بوونی سیسته‌می سیاسی به‌ چاو کۆمه‌ڵگای نێونه‌ته‌وییدا بده‌نه‌وه‌ و بیکه‌نه‌ ئامرازێک بۆ به‌رپه‌رچدانه‌وه‌ی هه‌ڵوێستی ده‌وڵه‌تانی رۆژاوایی و گه‌مارۆ سه‌پێنراوه‌کانی ئه‌وان و ئه‌نجومه‌نی ئاسایش و بڕیاراتی ئه‌نجومه‌نی مافی مرۆڤی نه‌ته‌وه‌ یه‌ککگرتووه‌کان و به‌ گشتی گوشاره‌کانی کۆمه‌ڵگای نێونه‌ته‌وه‌یی که‌ له‌ یه‌کساڵی رابردوودا به‌رده‌وام روو له‌ هه‌ڵکشان بووه‌.

بۆیه‌ به‌ له‌به‌ر چاوگرتنی ئه‌و راستیانه‌ و قه‌ناعه‌ت به‌وه‌ی که‌ له‌م شانۆگه‌رییه‌ی هه‌ڵبژاردندا، هیچ ده‌ره‌تانێک بۆ هه‌ڵگه‌ڕاندنه‌وه‌ی چه‌کی به‌شداری به‌ دژی خودی رێژیم به‌دیی ناکرێ و له‌ رێگای به‌شداری کردنه‌وه‌ هیچ ده‌رفه‌تێک بۆ که‌ڵکوه‌رگرتن به‌ قازانجی نه‌ته‌وه‌که‌کانی ناو چێوه‌ی ئێران یه‌ک له‌وانه‌ش کورد له‌ گۆڕێدا نییه‌ و ئه‌و مه‌جلیسه‌ش که‌ پێکه‌وه‌ ده‌نرێ، هیچ هه‌لومه‌رجێک بۆ هێنانه‌ گۆڕێی باس له‌ مافه‌ پێشێلکراوه‌کانی نه‌ته‌وه‌که‌مان و کوشتن و ئێعدامی رۆڵه‌کانی پێکناهێنێ و زیاتر له‌ جاران له‌ خزمه‌ت» ولی فقیه‌» و فه‌رمانده‌کانی سوپای پاسداران و به‌رپرسانی دام و ده‌زگا ئه‌منیه‌تییه‌کان دا ده‌بێ.

به‌ڵام ئه‌و چاوه‌ڕوانییه‌ی که‌ له‌ هه‌ڵبژاردنی ده‌وره‌ی نۆهه‌م گرینگییه‌کی تایبه‌تی ده‌بێ له‌ مێژووی ده‌سه‌ڵاتی حاکم له‌ ئێران و ده‌کرێ به‌ پرۆسه‌یه‌کی چاره‌نووساز دابنرێ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی حاکم له‌ژێر گه‌مارۆی زۆربه‌ی وڵاتانی دنیادا و ئه‌گه‌ری ئه‌وه‌ هه‌یه‌ که‌ هه‌ر هه‌ڵه‌یه‌کی سیاسی له‌ شماردن و ره‌تکرنه‌وه‌ی زیاد له‌ حه‌د و سه‌رکوت و به‌زۆر هێنانی خه‌ڵک، ته‌قینه‌وه‌یه‌کی جه‌ماوه‌ریی لێ بکه‌وێته‌ڕێ و ئێرانی به‌ره‌و نه‌مان ببات.

* *

سه‌رچاوه‌کان:

١-ماڵپه‌ڕی www.pazadik.org

٢- ماڵپه‌ڕی پارێزگای کوردستان

٣- ماڵپه‌ڕی بی.بی.سی فارسی

٤- ماڵپه‌ڕی وه‌زاره‌تی ناوخۆی ئێران

٥- ماڵپه‌ری مه‌جلیسی شۆرای ئیسلامی